# لێدوانی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان

## سەبارەت بە راپۆرتی لیژنەی بیکەر – هاملتن ( گروپی دیراسەی عێراق )

راپۆرتی بیکەر – هاملتۆن کەتایبەتە بە چەندین رێو شوێنی نوێ بۆ سیاسەتی ئەمریکا دەرهەق بە عێراق، لەمەڕ بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و ئایندەدا، راپۆرتەکە کە لە 79 خال و پێشنیار پێکدێت، لە زۆر خاڵ و پێشنیاردا ،لەگەڵ ویستی گەلی کوردستان و گەلانی عێراق پێك ناکۆکەو دڵە راوکێیەکی جدی لەلای هاوولآتیان دروستکردوە و هەروەها مسداقییەتی هەموو ئەو دەستکەوتانەی هەر لە هەڵبژادنی پەرلەمانی و پێکهێنانی حکومەت و دواجاریش مەسەلەی دەستور کە بنەمای شەرعی و دیموکراسی و فیدرالی بۆ ئایندەی عێراقیەکان جێگیر کردوە دەخاتە بەر گومانەوە!.

لە راپۆرتەکەدا ، پێشنیار دەکات کە چاوخشاندنەوە بە دەستوری هەمیشەیی لەلایەن لیژنەیەکی سەر بە UN سازبدرێت کە ئەوە دژ بە ئیرادەی گەلی کوردستان وعێراقە کە دەنگیان بۆ ئەو دەستورە داوە، چونکە هەر گۆڕانکارییەك و هەموارکردنێکی دەستور پێویستە بە بەندە یاساییەکانی ناو دەستوری هەمیشەیی چۆن دیاریکراوە وا سازبدرێت.

هەروەها راپۆرتەکە ، دەسەلاتی زۆر دەداتە ، ناوەند و لەبەرامبەردا دەسەلاتی هەرێمەکان لاوازدەکات و ئەمەش دیسان پێچەوانەی دەستور و ئیرادەی سیاسی گەلانی عێراقە.کە بریاری فیدرالیزم و دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی لەنێوان ناوەند و هەرێمەکان بەگوێرەی بەندە دەستووریەکان رێکخراوەو هەروەها قۆرخکردنی بەهەم هێنان و بەکاربردنی سامانە سروشتییەکان، بەتایبەتی نەوت لە لایەن حکومەتی ناوەندی پێشنیاردەکات ، لەکاتێکدا کە بەپێی یاسا ئەو مافە بەهەرێمەکان دراوەو لەهەمانکاتدا داواکاری حکومەتی هەرێم و هاوولآتیانی کوردستانەو ئەو پێشنیارە ، مافی هەرێمەکان پێشێل دەکات.

لەخاڵێکی دیکەی راپۆرتەکەدا،داوا دەکات کە جێبەجێکردنی ماددەی 140 ی دەستوری هەمیشەیی عێراقی فیدرال، تایبەت بە ئاسایکردنەوەی ناوچە دابڕاو تەعریبکراوەکانی کەرکوك و شوێنەکانی دیکە ، دوابخرێت.کەلەراستیدا ئەم پێشنیارە، راستەوخۆ دژ بەویست و ئیرادەی سیاسی و مافی مێژوویی و جوگرافی کوردستانەو هەروەها رێك پێچەوانەی دەستوری هەمیشەیی عێراقی فیدرالە کە بە رۆشنی ماوەی جێبەجکردنی ئەو ماددەی دیاری کردوە و لەلایەن حکومەتی ناوەندیشەوە لیژنەی تایبەتی بۆ پێکهێنراوە.هەرپەیوەست بەو پێشنیارەوە ، ئەوە ئەگەرێك دروست دەکات بۆ دەستێوەردانی ولآتانی هەرێمایەتی و نەهێشتنی سەقفە زەمەنییەکان بۆ جێبەجێکردنی بەندە دەستورییەکە.

راپۆرتەکە، دەرگایەکی والآ دەکاتەوە بۆ دەستێوەردانی هەرێمایەتی لە کاروباری ناوخۆی عێراق و کە ئەوانە هەندێکیان خۆیان هۆکاری بەشێکی ئەو رەوشە نائارامییەی عێراقن ، دیسان ئەوە دژ بە ئیرادەو سەروەری عێراقی فیدرال و دەستور هاولآتیانێتی.بە شێوەیەکی گشتی ئەو راپۆرتە لەجیاتی گوێگرتن و هاوکار بێت لەچارەسەرکردنی کێشەکانی گەلانی عێراق بەپێچەوانەوە ئیرادەی هەموو رۆلێکی جەماوەرییە.

ئێمە لەوکاتەی ئەو خاڵ و پێنیارانە رەت دەکەینەوە لەهەمانکاتدا پشتگیری خۆشمان بۆ لیدوانەکەی بەرێزمەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو بارەیەوە دەردەبڕین .

لە نزیکترین کاتدا هەڵوێستی حزبمان بەشێوەیەکی وردو دیراسەکراو لەسەر هەموو خاڵەکان لە سەروتاری هەفتەنامەی رێگای کوردستان بلآودەکەینەوە.

2006/12/9 – هەولێر